**ڕوونکردنەوەیەک لەلایەن**

**دەزگەی ڕاگەیاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و،**

**کۆمیتەی سکاندیناڤیای کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە!**

دوای ناردنی ئەو نامە و داخوازییە پێویست و بەردەوامانەی لە چەند مانگی ڕابردوو کۆمیتەی سکاندیناڤیا و دەزگەی ڕاگەیاندنی کۆنگرە، بۆ گەشەپێدانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەهەموو ئاست و بوارەکاندا، بەرەوڕووی سەرۆکی کۆنگرەمان کربووەوە، بەهۆی گوێنەدان و پشتگوێخستنی ڕاوبۆچوون و نامەکان لەلایەن سەرۆکی کۆنگرەوە، بڕیارماندا لەئەندامەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بکشێینەوە.

ماڵپەڕ و ڕاگەیاندنی کۆنگرە، ناوی دەگۆڕدرێ و، وەک ڕابردوو سەکۆیەک دەبێت بۆ بڵاوکردنەوەی هزروڕامان و هۆشیاریی نەتەوەیی. کۆبوونەوەکانیش لەگەڵ کەسایەتی و نیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان لەنێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات درێژەیاندەبێت، تا ئەوکات هەموو لایەک دەگەینە ئەنجامێکی ڕاست کە ببێتە هۆی پێکهێنانی بەرەیەکی ڕاستینەی نەتەوەیی و پێشخستنی بیری ڕزگاری و سەربەخۆیی لەسەرتاسەری کوردستان.

**کۆمیتەی سکاندیناڤیای کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**دەزگەی ڕاگەیاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

3/5/2011